# پەسندکردنی دەستوور لە رێگەی راپرسیی دەستکەوتێکی مێژووییە بۆ کوردستان



**پەرلەمانی کوردستان لە ٦/٢٤ پرۆژەی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانی خستەبەر خوێندنەوە لە کۆی (٩٧) پەرلەمانتاری ئامادەبوو (٩٦) پەرلەمانتار بەبەڵێ دەنگیان بۆ پرۆژەی رەشنووسی دەستوورەکە دا، بڕیاریشە رۆژی ٧/٢٥ کە هاوکاتە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان بخرێتە بەردەم هاووڵاتییان بەمەبەستی پرس و راوەرگرتن، بۆیە (هەرێمی کوردستان) بەپێویستی زانی ژمارەیەک لەشارەزایان و یاساناسان و ئەندامانی پەرلەمان بدوێنێ.**

**راپۆرت هێمن محەمەد- شێروان مەنتک**

**د. حوسێن شێخ محەمەد بالیسانی: مامۆستای زانکۆ، ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی پێشوو، بڕیارنووسی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور گوتی:** زانایانی یاسا کۆکن لەسەر ئەوەی دەستوور گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە سیستەمی یاسایی هەر وڵاتێک یا هەرێمێک، دەستووریش بەسەری لوتکەی هەرەمی یاسا هەژمار دەکرێت، چونکە ئامرازی راپەڕاندنی هەموو یاساکانی دیکەیە، و لە سیستەمی فیدراڵیدا دەبێ هەر هەرێمێک دەستووری خۆی هەبێت و لە دەستووری فیدراڵی عێراقیدا دەق لەسەر ئەوە چەسپێنراوە، کەواتە بۆ ئەوەی نوێنەرانی میللەت لە پەرلەمانی کوردستان پابەند بن بە سیستەمی یاسایی کوردستان پێویستبوو لە زووێکەوە دەستوور هەبوایە، بەڵام ئێستا دەرکردنی دەستوور بە پێویستییەکی هەنووکەیی دادەنرێت تاوەکو ببێتە رێڕەوێک بۆ داڕشتنی یاساکانی داهاتوو هەروەها دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشە هەڵواسراوەکان لە نێوان ناوەند و هەرێم.

بۆ ئەوەی دەستوورەکە پتەوتر بێت و لەبەر ئەوەی گرنگی ئەم دۆکیۆمێنتە یاساییە دەرکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەس نییە بۆیە پێویستە پاش تەواوکردنی دەرچوونی بەجۆرێکی کۆتایی بخرێتە بەردەم میللەت بۆ ئەوەی لە رێگای کەناڵەکانی جۆراو جۆرەوە رای میللەتی دووبارە لەسەر هەبێت و ریفراندۆمی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی متمانەی میللەت لەسەری پتەوتر بێت و بەرژەوەندییەکانی میللەت تیایدا زیاتر رەچاو بکرێت ئەگەر چی پەرلەمان جێی متمانەیە ریفراندۆم ببێتە رێگەی چاکردنی هەر کونوکەلەبەرێکی کە تیایدا هەبێت، چونکە دەستوور لەو شتە گرنگانەی کە تیایدا دەبێت هەبێت ماف و ئەرکەکانی تاکەکەسە، هەروەها سنووردارکردنی دەسەڵاتە بۆ دامودەزگاکانی دەوڵەت، میللەتیش سەرچاوەی دەسەڵاتە و نابێ میللەت لە دانانی ئەم دەسەڵاتانە بێئاگا بێت.

**ئارام رەسوڵ مامەند ئەندامی پەرلەمانی کوردستان گوتی:** دەستوور لەلایەن پسپۆڕان و یاساناسان وەک یاسایەکی نموونەیی یاخود وەک دایکی یاساکان پێناسەکراوە، دەستووری هەرێمی کوردستان بنەما بنەڕەتییەکانی پێکهاتەو جوگرافیای کۆمەڵگاو دیاریکردنی ناسنامەی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و مافەکانی تاک و مافە گشتییەکان و سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات دیاری دەکات و دەسەڵاتەکانی یاسا دانان و جێبەجێکردن دەستنیشان دەکات.

دەستوور سیستەمەکانی دەسەڵاتی دادوەری و سیستەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان و سیستەمی شارەوانییەکان و ئەنجوومەنی شورا دیاریدەکات و بە یاسا رێکدەخرێن.

دەستووری هەرێم سەرچاوە داهاتییەکانی هەرێم و بنەمای سیستەمی ئابووری لە وڵات و دیوانی چاودێری و بوونی روونکاری تەواو دیاریدەکات، شایەنی باسە بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستان، گەلی کوردستان دەبێتە خاوەن دەستوورێک کە خۆی دایناوەو رەچاوی تەواوی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی و کەلتووری هەرێمی کردووە لەبەر رۆشنایی پرەنسیپەکانی دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ و پێکەوە ژیانی برایانەو سەرجەم مافەکانی تێدا دیاریکردووە.

بێگومان بوونی دەستوور لە قۆناغی ئێستادا هەنگاوێکی گرنگ و مێژووییەو پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ گەلی کوردستان تا بتوانێت سەرجەم مافەکانی کە لە دەستووری عێراقدا هاتووە بەدەست بهێنێت، بەزیاتریشەوە هەرێمەکەمان بەرەو پێش ببات و ئاسودەیی زیاتر بۆ

جەماوەری گەلی کوردستان دابینبکات، دەستوور کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر چاکردنی سیستەمی ئیداری و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و بوونی شەفافیەتی تەواو دەبێت، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی ناوەند و وڵاتانی دراوسێ گۆڕانی گرنگ بەخۆیەوە دەبینێت و رێزگرتن لە دەستووری گەلی کوردستان بنەماکانی پتەوکردنی پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە.

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین پەسندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان و دواتر لەلایەن گەلی کوردستانەوە لە رێگای راپرسیی دەستکەوتێکی گرنگ و مێژووییە بۆ کوردستان.

## تارق جامباز/ ئەندامی لیژنەی دەستووری و یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان گوتی:

هەروەک هەموولایەک ئاگادارن پەرلەمانی کوردستان دەنگی بۆ پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دا. لەم رۆژانەدا (٥٠٠٠) هەزار دانە لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان چاپدەکرێت وەک بەش و دانەی یەکەم بەزمانی کوردی و عەرەبی و هەروەها بەزمانەکانی تورکمانی و سریانیش چاپدەکرێت و پێویست دەکات بە زمانی ئینگلیزیش ژمارەیەکی لێچاپبکرێت.

بەچاکی دەزانم هاووڵاتییان بەوردی پڕۆژەکە بخوێننەوە ئینجا دەنگی بۆ بدەن چونکە ئەم دەستوورە زۆر گرنگە و ماوەیەکی زۆرە کاری لەسەر دەکرێت و بەچەند قۆناغێک کاری لەسەرکراوە یەکەمجار لەساڵی ١٩٩٢ بوو دووەمجار لە ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ بڵاوکراوەیەوە بەهەزاران دانەی لێ چاپکرا زیاتر لە (٥٠٠٠) هەزار رەخنەو تێبینی ئاراستەکرا و سەرلەنوێ جارێکی دیکە لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوور دانیشتنەوە کە (١٩) ئەندامن هەڵسان بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون و رەخنە ئاراستەکردن و و تێبینی نیشاندان و سودیش لە تێبینییەکان وەرگیرا داواشیان لەو کەسانەکرد کە دەتوانن سەردانیان بکەن با سەردانییان بکەن بەسوود وەرگرتن لە دەستووری وڵاتان.

زۆرێک لە شارەزایان و پسپۆرانی بواری یاساو دەستوور لەهەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ پڕۆژەی دەستوور پرس و رایان پێکراوەو سوود لە راوتێبینییەکانیان وەرگیراوە هیوادارم لە رۆژی ٢٥/٧/دا هاووڵاتییان دەنگی بۆ بدەن خۆزگەش دەخوازم چەند ساڵێک بەر لە ئێستا کارمان بۆ پڕۆژەی دەستوور بکردایە. نابێ ئەو دەستوورەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەستووری عێراق ناکۆک بێت.

## محەمەد فەرەج ئەندامی پەرلەمانی کوردستان گوتی:

بێگومان هەموولایەن و پێکهاتەکان لەپەرلەمانی کوردستان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەستوور پێویستییەکی گرنگە، دەبوایە لەسەرەتای راپەڕینەوە بەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمان کار بۆ دەستوور بکرایە، بەڵام بارودۆخی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان لەبارنەبووە تاوەکو کاربۆ دەستووربکرێت چونکە هەڕەشەکانی رژێم لە هەرێمی کوردستان لە ئارادابوو شەڕی ناوخۆ دروستبوو، لەوکاتەوە قسە لەسەر دەستوور دەکرێت کە بەشێوەیەک دابڕێژرێت لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردستان بگونجێت.

لەنۆهەتەکانی سەدەی رابردوو کۆمەڵێک هەوڵی باش نرا، بەڵام کە رژێمی سەدام روخا بارودۆخەکە گۆڕا. دەبێ دەستوورەکە بەجۆرێک بێت لەگەڵ ئەو بەرەوپێشچوونە بگونجێت لەبەر ئەوە لەخولی دووەمی پەرلەمان لیژنەیەک دانرا بۆ پیاچوونەوەی ئەو شێوازانە بە شێوەیەک بگونجێت لەگەڵ دەسەڵات و توانای هەرێمدا، لیژنەی ئامادەکردنی دەستوور بەردەوام لەماوەی رابردوو خەریکی بووینە. هەر لەسەرەتاوە تەنها ئێمە وەک یەکگرتووو هەروەها تورکمان و ئاشوور و کلدان بووین خەڵکی دیکە لەسەر ناوەڕۆکەکەی تێبینییان نەبووە تێبینییەکانی ئێمە لەسەر دەستوور ئەوانە بوون یەکەم سنووری هەرێمی کوردستان لەسەر رەشنووسەکە دیارنەبوو نابێ ناحییەک سنوری دیار بێت و هەرێمێکی گەورە سنوری دیار نەبێت ئێستا خۆشبەختانە لەدوای ئەم دەستکاری و تێبینییانە ئێستا بەدوو بڕگەی زۆر بنەڕەتی لەمادەی (٢) چارەسەرکراوە بڕگەی یەکەم کوردستانیبوونی کوردستان دەسەلمێنێ لەڕووی مێژوویی و جوگرافیاییەوە کە کوردستان کام شوێن لەشار و شارۆچکە و پارێزگا لەڕووی سیاسییەوە دەکرێتەوە ئەم سنوورە بەستراوەتەوە بەمادەی (١٤٠) سەبارەت بەئێمە بەمادەی (١٤٠) ببێ یان نەبێ سنووری هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ئەم مادەیە دیاریدەکرێ تێبینییەکی دیکە کە ئاماژەی بۆکراوە مادەی (١٠٥) و (١١٥) و(١١٢) و(١٢١) ە لەدەستووری عێراقەوە ئێستا ئەمانە لەبەردەم هەمواركردندان ئایا کە ئەم مادانە گۆڕان ئەم ریزبەندیانە دەستووری ئێمە تێکدەدات هەر لەبەرئەوەش بوو ئێمە لەپێشوتردا دەمانگوت با دەستوور دوابکەوێت چونکە ئەم هەموارکردنانە لەعێراقدا دروست


حوسێن بالیسانی


ئارام رەسول مامەند


تاریق جامباز


محەمەد فەرەج

بیبێت ئەم مادانەی ئێمە تێکدەچێت، کێ ناڵێت (١١٠) نابێ بە(١١١) ئەوکات چیدەکەین؟! ئەمەشیان چارەسەرکرا ئەم دەسەڵاتەیان داوەتە پەرلەمان هەرکاتێ ئەو ریزبەندییە تێکچوو پەرلەمان بەبێ گەڕانەوە بۆ خەڵک بتوانێ ئەم ریزبەندییە چاکبکات، پێگەی ئایینی ئیسلام لە رەشنووسی دەستوورەکەدا دیار نەبوو گوتمان دەشێ لە عێراقدا کە رێژەی دانیشتوانی موسڵمان تیایدا ٩٩٪ یەو رێژەکەشی لە هەرێمی کوردستان دیسانەوە ٩٩٪ یە پێگەی ئیسلام هێندە بەرزبێت لەعێراقدا کە ئێمە خۆمان دەنگمان بۆداوە و لێرە لەدەستوور دیار نەبێ؟، رەنگە ئەوکات بگوترێ ئەم هەرێمە بایەخی زۆر بەدین نادات کە وانییە، ئەوەندەی نەتەوەی کورد موسڵمانە کەم نەتەوەی دیکە هەیە وەک کورد پابەندبێت، تێبینیمان لەسەر مادەی (١٩) هەبوو دوو سێ بڕگەی تیادابووە کە پێمان وابووە ئەم بڕگانە لەبڕی ئەوەی پەیوەندی پێکەوە ژیانی سیاسی لەهەرێمی کوردستان بەهێزبکات خوێندنەوەی خراپی بۆ دەکرێت و بێهێزتری دەکات، پەیوەندی حزب و دەسەڵات بەرەو گرژی دەبات ئەوانیش ئەو تێڕوانینەیان لا دروستبوو دەستوور بۆ ئێمە زۆر گرنگە و دووخاڵی زۆر گرنگی تیایە یەکەم لەناوخۆی هەرێمی کوردستان دیاریکردنی ئەرک و مافەکانی بۆ تاک و بۆ کۆمەڵ و دەسەڵات، رێکخستنی پەیوەندییەکانە : پەیوەندی تاک وتاک، تاک و کۆمەڵ پەیوەندی تاک و کۆمەڵ و دەسەڵات، پێشتر حکومەت باڵا دەست بوو کە یاسا دەربکات دەبێ ئێستا رەچاوی دەستوور بکات ئەم یاسایەی دەریدەکات دەبێ گونجاو بێت لەگەڵ دەستووردا، ئێستا حکومەت دەزانێ ئەرک و دەسەڵاتی چییە خەڵکیش دەزانێ ئەرک و دەسەڵاتیشی چییە و دەزانێت ئەرک چییە و مافی چییە.خاڵێکی لەوە گرنگتر پەیوەندییەکانی ئێمە و دەرەوەیە بە بەغداشەوە لەوانەیە پێشتر لەسەر دەستووریی نەبوو بێت بەڵام ئێستا دەبێ لەسەر بنەمای ئەم دەستوورە ئەم پەیوەندییانە دابمەزرێنین وەدەبێ ئەوانیش لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە پەیوەندی لەگەڵ ئێمە بکەن و شتەکانی ئێمە قبووڵ بێت یان نا ئەوە بابەتێکی زۆر نوێیە، مەحکەمبوونی ژیانەکەی تۆ بەرەو شێوازێکی گەورەتر و بەرزتر دەبات جگەلەوەی ئەو دەستوورە رەنگدانەوەی تەواوی پێکهاتەکانە، ئەمڕۆ بەچوار زمان دەخوێندرێتەوە بەزمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و سریانی ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە ئەمە رەنگدانەوەی پێکهاتەکانە کە لەهیچ شوێنێکی جیهان دەستوور بەمشێوەیە نەخوێندراوەتەوە کە پێموایە دەسکەوتێکە بۆ گەلی کوردستان و هیوادارم خەڵکیش ئەمە بەشتێکی گەورە و پڕ بەها سەیر بکات.

# رۆڵی ژن لە پرۆسەی هەڵبژاردن

بێگومان هەمووکات ژن رۆڵی خۆی بینیوە لە ناو هەموو ئەو پرۆسانەو ئەو چالاکییانەی کە لەهەرێمی کوردستاندایە، لەکاتی پێشمەرگاتی و خەباتی شاخەوە هەتاکو ئێستا.. هەردەم پاڵپشت و پەنای هاوسەرو براکانی بووە لەخەباتی رزگاریخوازی گەلەکەمان تاکو ئەو رۆژەی کە لە هەرێمی کوردستان یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانمان ئەنجامدا، لەدوای ئەوەوە ژن وردە وردە بەپێی ئەو بانگهێشتانە کە حزبە کوردستانییەکان بەتایبەتی لە دوای ٢٠٠٣وە لە دوای دەرکردنی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق لەلایەن (پۆل بریمەر)ەوە تەرخانکردنی کۆتایەک بۆ ژنان، بۆ ئەوەی زیاتر رۆڵی ژنان وردە وردە رۆڵەکانیان بەرجەستە دەبێت و تواناکانیان دەرئەکەوێ، بەوەش ٣٠٪ کورسییەکانی ئەمجارەی پەرلەمان بۆ ژنان تەرخان دەکرێت.. ئەوە دەمێنێتەوە ئەمانە هەمووی دەستکەوتێکە، بەڵام ئەم دەسکەوتانە دەبێت جێگیر بکرێت و نەک هەر تەنها ئەو دەسکەوتانەی کە ئێمەی ژنان سەیر بکەین، بەڵکو ئەو دەسکەوتانەی کە هەتا ئێستا هەرێمی کوردستان بەدەستیهێناوە وەکو پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.



**سۆزان خاڵە شەهاب***

ئەمانە هەموو دەسکەوتن و خەباتمان بۆیان کردووە، لێرەوە ئیدی رۆڵی نەک تەنها ژن، بەڵکو رۆڵی هەموو تاکێک لە کۆمەڵگا دەردەکەوێ سەبارەت بەوەی کە مافی هەیە، ئەویش مافی دەنگدانەو بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و چوون بەرەو سندوقی دەنگدان، دەنگ پێدان بەو لیست و لایەنانەی کە خۆیان باوەڕیان پێ هەیە، رۆڵێکی زۆر گرنگ و کاراو گەورەیە کە ژنان ئەیبینن..

بۆ ئەوەی زیاتر رۆڵی ژنان بەرجەستە بکرێت و تواناکانیان دەرکەوێ، ٣٠٪ کورسییەکانی پەرلەمانی داهاتوو بۆ ژنان تەرخان دەکرێت

جارێکی دیکە لەو پرۆسەیە من هیوادارم هەرچی پاساوێک هەبێ لە دونیادا ئەوە ناگەیەنێ کە خەڵک مافێکی هەبێ ئەوەی مافی خۆی بەکار نەهێنێ، ژنانێک لە شانشینی سعودیە هەتا ئێستا خەباتی ئەوە دەکەن کە مافی دەنگدانیان هەبێ نەک مافی ئەوەی نوێنەریان هەبێ.!! لە دەوڵەتی کوێت هەتاکو ئێستا ژن لەو خولەی کۆتایی هەڵبژاردنەکان (چوار) ژن چوونەتە ناو پەرلەمانی کوێت، کەواتە ئێمە هەنگاوی زۆر لەوان باشترمان هاوێشتووە کە ئێمە هەرێمێکین ئەوانیش دەوڵەتن و دەوڵەتێکی زۆر کۆنن، چەند سەد ساڵن.. لەبەر ئەوە ئێمە لێرە نابێ بەکەم تەماشای ئەو مافە بکەین، بەڵکو ئەبێ بەکاری بهێنین، چونکە ئەو مافە نەخشەی سیاسی ئەم وڵاتە جێگیر دەکات..

هیوادارم هەموو کەسێک مافەکانی خۆی بەکاربهێنێ چ نێر چ مێ، چ گەنج چ پیر...

*** ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**

# راگەیاندن.. زانست و هونەر و ئەخلاقە

## ڕۆڵی راگەیاندن لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا



**د. عەبدوڵڵا ئاگرین***

راگەیاندن بەهەموو چەمک و کەناڵەکانییەوە: (نووسین-بیستن- بینین) دەزگایەکی هەرە چالاک و پێشکەوتووی شارستانییەتی سەردەمە و لەبواری وروژاندنی کەیسی هەستیار و ڕووداوی گەرم و چەسپاندنی سیستەمی ئازادی مافی مرۆڤدا گۆمە مەنگەکە دەشڵەژێنیت و هەست و نەستی تاک و جەماوەر دەوروژێنێت.. دەبێت راگەیاندن بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن هوشیارانە و بەرپرسیارانە، لە ئامادەباشی پۆزەتیڤانەدابێت، چونکە راگەیاندن خاوەن و هەڵگری ئامانجی مرۆڤانەیە و پەیامێکی پیرۆزە، تاک و کۆمەڵگا بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی شارستانی و سیستەمێکی ئازاد دەبات.. سەبارەت بە پڕۆژەی هەڵبژاردن، هەتا بەفەرمی لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی دیارینەکرێت، هەر چالاکییەک بۆ پشتگیری و لایەنگیری لیستێک ئەنجامبدرێت بە سەرپێچی یاسایی دادەنرێت، نەخوازەللا گەر هەڵمەتەکە نێگەتیڤانەشبێت واتە: بۆ لایەنگیری لایەنێ بێت و تەشەرە بەلایەکی دیکە بکات... چونکە ئامانج لەچالاکی و کارکردن لە پڕۆسەی هەڵبژاردندا، بریتی نییە لە: جنێوباراندان و سوکایەتیپێکردن و ناوزڕاندنی لایەنی رکابەر، بەڵکو لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا راستی ئامانجی ئەو لیستە لە دروشمەکانیاندا دەردەخرێت..

ئەوەی تا ئێستا واتە: بەر لەدیاریکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە راگەیاندنەکاندا دەبینرێت زۆربەیان نەک هەموویان.. هەڵوێستی نێگەتیڤانەیان نواندووە و لە ئاستی بەرپرسیارێتی پەیامی بەرزی راگەیاندندا نەبووینە سەرەڕای هەموو ئەوانەش من بەگەشبینییەوە دەڕوانمە ئاینده، بەتایبەت دوای دیاریکردنی بەفەرمی ئەنجامدانی کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن..چاوەڕواندەکرێت هەردوو راگەیاندنی ئەهلی و حزبی بەهۆشیارییەوە هەڵوێست بنوێنن و لەشێوازی تانەو تەشەرە و ناوزڕاندن و بوختانکردن و ململانێی حزبی و سیاسی ناشارستانی دووربکەونەوە.

**راگەیاندنی کوردی چۆن دەتوانێ لە ئاستی بەرز راگرتن و سەرخستنی پڕۆسەی هەڵبژاردندا بێت؟**

هەر لە سەرەتای لە دایکبوونی چالاکی و راگەیاندنی کوردییەوە لە ١٨٩٨/٤/٢٢ واتە لەوساتەی میقداد مەدحەت بەدرخان رۆژنامەی کوردستانی دەرکرد، تا راپەڕینی بەهاری ئازادی جەماوەری کوردستان لە ١٩٩١/٣/٧ دا، راگەیاندن بەتایبەت رۆژنامەگەری ئاشکرا و نهێنی..قوتابخانەی فێرکردن و گۆشکردن و پێگەیاندنی نووسەران بووە، ئەمە لەهەموو بوارەکانی ئەدەب و سیاسەت و رۆشنبیری و هونەری... تادوایی... بۆیە من بەچاوی تەقدیر و رێز و خۆشەویستییەوە، رۆڵی راگەیاندن و رۆژنامەنووسان هەڵدەسەنگێنم..هەڵبەتە راگەیاندن خاوەنی پەیامێکی پیرۆز و پاک و روونە.. بۆیە دەبێت..ناسکیی ئەم قۆناغە و مافەکانی کورد بپارێزێت و لەو روانگەیەوە بایەخی پێویست بە پڕۆسەی هەڵبژاردن بدات، ئەرکی سەرشانی راگەیاندن، ئاڕاستەی جەماوەر بەجوانی بکات تابنیاتی ئایندەیەکی گەشتر و کاریگەرتر بکات و لەخزمەت پاراستنی ئەم قەوارە سیاسییەی ئێستای کوردستاندا بێت، رات وایە راگەیاندن و ئەو بەڕێزانەی چالاکی تێیدا دەنوێنن، پەیوەستبن بە دیسپلین و هەڵومەرجی پرۆفیشنالی راگەیاندنەوە و ئەو راستییە لەبەرچاو بگیرێت، راگەیاندن:زانست و هونەر و زەوقی گەشکەدار و ئەخلاقی بەرزە، بەو رۆحیەتەوە دەتوانرێت پەیام و ئامانجی راگەیاندن لەپڕۆسەی هەڵبژاردندا بەرجەستە بکەین و سەرلەنوێ بەدنیاش بسەلمێنین کورد نەتەوەیەکی شارستانییە و خاوەنی هزری سەردەمە.

**خاوەنی پڕۆسەی هەڵبژاردن کەسێکە، حزبێکە یاخود جەماوەرە؟**

پڕۆسەی هەڵبژاردنی رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ خاوەنەکەی نەتەنیا کەسێکە و نەحزب و کۆمەڵێکی دیاریکراو... بەڵکو هەڵبژاردنی نوێنەرانی دانیشتوانی باشووری کوردستانە، هەر بۆیە سەرخستن و کێش و قورساییەکەی پەیوەستە بەهاوبەشیکردنی جەماوەرەوە... هەڵبژاردن، پڕۆسەیەکی سیاسی و کارێکی دیموکراتییەو گوزارشت لەخواست و ئامانجی جەماوەر دەکات، سەرخستنی ئاکامەکانی پڕۆسەکە ئایندەی گەش و روونی پێشکەوتن و شارستانیەتی میللەتەکەمان دەردەخات، راستە دەشێت ئامانج و مەبەستی پڕۆسەی هەڵبژاردن، کەسێک یاخود حزبێک یان چەند گروپێکی سیاسی لە ئەستۆ بگرێت... ئەوە سەربەرزیشە بۆ ئەو کەس و لایەنانەی دەنگی شەقام و رای گشتی خەڵکی کوردستانیان لەگەڵدایە. وەلێ سەبارەت بە راوبۆچوون و روانگەی راگەیاندنی کوردی و ئەو رۆڵەی بەنیازن ببینن.. ئەوەیان، پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە.. ئەگەرچی دەبێت راگەیاندن رۆڵی پۆزەتیڤانە و شارستانیانە بنوێنێت و خەڵکی دڵنیا و ئارام بکاتەوە، بەشێوازێکی دیموکراتییانە و شارستانیانە وئازادانە ئاڕاستەی دەنگی شەقامی کوردستان و رای گشتی بکات.. مەخابن من هەست دەکەم راگەیاندنی کوردی بەرلەوەی کاتی هەڵمەتی کار و چالاکی هەڵبژاردنەکان دەستپێبکات.. زۆربەیان رۆڵی نێگەتیڤانەیان بینیوە.. ئاماژەی واترسناکیان داوە نەک دڵی میللەتیان لە پڕۆسەی هەڵبژاردن ساردکردۆتەوە بەڵکو دەیانەوێت خەڵکی والێبکەن، گومان لەکاتی هەڵبژاردنەکەش بکات، بەوەی گوایە لە ئەنجامی ململانێی نێوان هێز و لایەنە رکابەرەکاندا توندوتیژی روودەدات ئەوە رۆڵێکی نێگەتیڤانەیە و پێچەوانەی پەیام و ئەرکی پرۆفیشناڵی رۆژنامەنووسی و کەناڵەکانی دیکەی راگەیاندنە، بەوەش لەخواست و مافە رەواکانی میللەت دوور دەکەونەوە.. سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن، بەرچاو روونی بۆ کورد دەگەیەنێت و ئەرکی قەوارەی سیاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و مافە رەواکانمان لە ئەستۆ دەگرێت.

* مامۆستای زانکۆ



*لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران ئەوە یەکەم جارە کە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران، جەماوەر بەو شێوەیە نارازی بن و خۆپیشاندان بکەن. ئەمە پرسیارێکی گرنگی لەلای سیاسەتوانانی جیهان دروستکردووە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو خۆپیشاندانەی جەماوەری بارودۆخی سیاسی ئێران بەرەو چ ئاقارێکی سیاسی دەبات؟ لەم ڕۆژانەدا لەلایەن سیاسەتوانانی جیهانی شرۆڤەی سیاسی جۆراوجۆر لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران کراوە. لێرەدا ئێمەش هەوڵ دەدەین کە شرۆڤەی سیاسی تایبەت بۆ ئەم خۆپیشاندانە بکەین.*

# بارودۆخی سیاسی، ئێران بەرەو چ ئاقارێکی



د. ساڵح مەلا عومەر

لە ساڵی ١٩٩٩ لەسەردەمی سەرۆک کۆمار خاتەمی کە ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن، گرنگیدان بە مافی مرۆڤ، کەمترکردنی سانسۆر دەستیپێکرد، کۆمەڵگای ئێران بۆ یەکەمینجار لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەرەو حاڵەتێکی کراوەبوون تێپەڕدەبوو، بەڵام ئەم حاڵەتە بووە هۆی ئەوەی کە خۆپیشاندانی قوتابییانی زانکۆی تاران لە دژی ئایەتوڵڵا خامەنەیی ڕێبەری ئیسلامی ئێران دەستپێ بکات. خۆپیشاندانەکە پەرەی سەندو لە چەند شاری دیکەی ئێران گەیشتە سەر شەقامەکان. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە لە دوای سەرکەوتنی ئەحمەدی نەژاد وەک سەرۆک کۆماری ئێران، هەوڵدرا ئەو ئازادییانەی کە خاتەمی لە ماوەی هەشت ساڵی سەرۆکایەتییەکەی کە بە خەڵکی دابوو، کەم بکرێتەوە. ئازادی ڕۆژنامەگەری کەمترکرا، سانسۆر زیاتر بوو تەنانەت پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەش گۆڕانکاری بەسەرهات. ئێران لەسەردەمی خاتەمی پڕۆگرامەکانی ئەتۆمی خۆی ڕاگرتبوو. ئەحمەدی نەژاد بەبێ ئەوەی کە گرنگی بە مەترسییەکانی زلهێزەکان لە دژی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران بدات، دەستی بە پرۆگرامەکانی ئەتۆمی خۆیان کرد. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکاو ئەوروپا بەرەو خراپبوون تێپەڕببێت، بەڵام کێشەی ئەمریکا لە عێراق و داوای هاوکاریکردنی لە ئێران بەپێی پرۆژەی بیکەر- هاملتۆن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عێراق، ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەی بۆ ئەحمەدی نەژاد بەدەستهێنا. نیشاندرا کە سیاسەتەکانی ئەحمەدی نەژاد لە بەرامبەر ئەمریکا سەرکەوتووبووە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ڕێبەری ئیسلامی ئێران ئایەتوڵڵا خامەنەیی زیاتر لایەنگری لە ئەحمەد نەژاد بکات.

لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران، کۆمەڵگای ئێران دابەشی دوو دەستەبوون، یەک: خامەنەیی و پارێزگارە توندڕەوەکان کە بەرگریان لە ئەحمەدی نەژاد دەکرد. دوو: ریفۆرم خوازەکان و هەندێک لە پارێزگارە میانڕەوەکان کە لایەنگریان لە میر حوسێنی موسەوی دەکرد.

ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەمجارە جیاوازی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشتر هەبێت. ئەحمەدی نەژاد هەوڵی ئەوەی دەدا کە بارودۆخی ئێران بەشێوەی ئێستا ڕابگرێت. میر حوسێنی موسەوی هەوڵی ئەوەی دەدا کە بارودۆخی ئێستای ئێران بگۆڕێت. ئەمە یەکەمجارە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران دوو ناوزەدی بەهێز لەگەڵ یەکتر ململانێ بکەن، لە هەموو هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران سەرۆک کۆمار بۆ جاری دووەم بەبێ هیچ جۆرە کێشەیەک دەنگی زۆرینەی جەماوەری بەدەست دەهێنا. بەڵام ئەم هەڵبژاردنە جیاوازبوو، لەکاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، تەلەڤزیۆنەکانی ئێران کە هەموویان حکومین بوارێکی یەکسانیان بە ناوزەدەکانی هەڵبژاردن دەدا کە



## سیاسی دەبات؟

پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بکەن، هەموو ناوزەدەکان لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ بکەن. ئەحمەدی نەژاد لەکاتی گفتوگۆکردنی لە پڕۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ میر حوسێنی موسەوی ڕەخنەی توندی لە هاشمی ڕەفسنجانی و بنەماڵەکەی و ناتق نوری و زۆر لە بەرپرسانی پێشتری ئێران گرت. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسانە زۆر بە جیدی دژایەتی ئەحمەدی نەژاد بکەن. بەتایبەت هاشمی ڕەفسنجانی کە بەرپرسی ئەنجوومەنی باڵای بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەرپرسی مەجلیسی خۆبرگانی ئێرانە (مەجلس خۆبرگان چاودێری کارەکانی ڕێبەری ئیسلامی ئێران دەکات و تەنیا دەسەڵاتە لە ئێران کە یاسا ڕێگای پێداوە کە ڕێبەری ئیسلامی ئێران بگۆڕێت) لایەنگری لە میر حوسێنی موسەوی دەکات و چەند ڕۆژ پێش هەڵبژاردن زیاتر لە ملیۆن کەس لە هاوولاتییان بۆ بەرگریکردن لە میر حوسێنی موسەوی دەهاتنە سەر شەقامەکان.

میر حوسێن موسەوی خۆشی کەسایەتییەکی بەهێزبووە، لەکاتی شەڕی ئێران و عێراق هەشت ساڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێران بووە، لەوکات کە ئایەتوڵڵا خامەنەیی سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران، بووەو زۆر کێشەی لەگەڵ ئایەتوڵڵا خامەنەیی هەبووە، ئەوەبووە هۆی ئەوەی کە پلەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی لە ئێران نەمێنێت، لەبەر ئەوەی کە خامەنەیی بووە ڕێبەری ئیسلامی ئێران میر حوسێن موسەوی وازی لە پڕۆگرامەکانی سیاسی خۆی هێنا، بەڵام ئێستا لەسەر داوای باڵی ریفۆرمخواز و هەندێک لە پارێزگارە میانڕەوەکان خۆی ناوزەدکرد.

خۆپیشاندان و قەیران لە ئێران لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەستیپێکرد، چونکە لایەنگرانی میر حوسێن موسەوی و کەڕوبی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیان قبوڵ نەکردو ڕایانگەیاند کە تەزویر لە هەڵبژاردن کراوەو هاتنە سەر شەقامەکان، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە لە زۆر لە شارەکانی ئێران خۆپیشاندان لە دژی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکرێت و داوای دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان بکەن. پڕۆسەی هەڵبژاردن لە ئێران لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەدەبردرێت و شورای نیگهبان چاودێری دەکات. ئەگەر سکاڵایەکیش هەبێت، بەپێی یاسا شورای نیگهبان دیراسەی لەسەر دەکات و بڕیاری کۆتایی لەسەر پەسندکردنی هەڵبژاردنەکان دەدات. بەڵام لە دوای خۆپیشاندان، ئایەتوڵڵا خامەنەیی بەبێ ئەوەی کە شورای نیگهبان لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ڕای خۆی دەرببڕێ، هەڵبژاردنی پەسندکرد و لە گوتاری سیاسی خۆی لە نوێژی هەینی ڕاگەیاند کە پێویستە هەموو لایەنێک ئەنجامەکانی هەڵبژاردن پەسند بکەن. ئەگەر خۆپیشاندان بەردەوام بێت، ئەوە ئەو لایەنانەی کە خەڵک هان دەدەن بۆ سەر شەقامەکان پێویستە بەرپرسیارەتی خوێنڕشتنی خەڵک قبوڵ بکەن و ئەنجامێکی خراپی بۆ ئەوان دەبێت. ئەم پەیامە وەکو هێرشێک بوو بۆ میر حوسێن موسەوی و کەڕوبی و ریفۆرم خوازەکان و هەندێک لە پارێزگارە میانڕەوەکان کە دژایەتی ئەحمەدی نەژاد دەکەن. بەپێی مادەی ١١٠ دەستووری هەمیشەیی ئێران، ڕێبەری ئیسلامی ئێران بەرپرسی هەموو هێزەکانی سەربازی ئێرانە، بۆیە ئەمە هێزێکی زیاتر بە خامەنەیی و ئەحمەدی نەژاد دەدات، بۆ دژایەتیکردنی لایەنی بەرامبەر لێرەدا ئەو پرسیارە دەکرێت کە خۆپیشاندانەکان دەتوانن سیستەمی سیاسی ئێران بگۆڕن، بەڕای من زۆر زەحمەتە ئەم خۆپیشاندانە بتوانێت سیستەمی سیاسی ئێران بگۆڕێت، چونکە میر حوسێن موسەوی و کەڕوبی باوەڕیان بە سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەیەو داواکاری ئەوان گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە ئێران نییە، بەڵکو دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکانە. چونکە ئەگەر باوەڕیان بە سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەبا شورای نیگهبان ئەوانی وەکو ناوزەدەکانی هەڵبژاردن ڕەتدەکردەوەو هیچ کەسێک کە باوەڕی بە کۆماری ئیسلامی ئێران نەبێت شورای نیگهبان ناوەکانی ڕەتدەکاتەوە. لەو حاڵەتەدا پرسیاری دیکەش دێتەپێش کە خۆپیشاندانی ئێران چی بەسەردێت و چ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای ئێران دەبێت، وەڵام ئەوەیە کە ئەو خۆپیشاندانە دەبێتە پاڵپشتی بۆ باڵی ریفۆرمخوازو هەندێک لە پارێزگارە میانڕەوەکان کە لەناو سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران لێکترازانی گەورە دروست ببێت و لە ناو خودی سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران ئۆپۆزسیۆنی بەهێز دروست بکرێت و سیستەمی سیاسی لە ئێران لە حاڵەتی داخراو بەرەو حاڵەتی کراوەتر تێپەڕببێت. بەڵام نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە ئەم گۆڕانکارییە لە ناو سیستەمی سیاسی ئێران بەشێوەیەکی خێرا بکرێت بەڵکو گۆڕانکارییەکان بەشێوەیەکی هێمن دەبێت، بەڕای من چەند شەپۆلی دی پێویستە تاکو ئێران زیاتر بەرەو سیستەمی کراوە تێپەڕببێت.

**هەڵبژاردن لە ئێران لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەدەبردرێت و شورای نیگهبان چاودێری دەکات. ئەگەر سکاڵایەکیش هەبێت، بەپێی یاسا شورای نیگهبان دیراسەی لەسەر دەکات و بڕیاری کۆتایی لەسەر پەسندکردنی دەدات. بەڵام لە دوای خۆپیشاندان، ئایەتوڵڵا خامەنەیی بەبێ ئەوەی شورای نیگهبان لەسەر ئەنجامەکان ڕای خۆی دەرببڕێ، هەڵبژاردنی پەسندکرد.**

*** مامۆستا لە زانستە سیاسییەکان**

# لەدایکبوونی دەستوور کارێکی پێویست و شەرعییە



عومەر نورەدینی*

دەستـــوور یاسـای بنچـینەیی وڵاتەو شـای یاسـاکـانە، پێـداویسـتـیـیـەکی گـەورەی بەسیستەمکردنی کۆی ژیانی سیاسی و یاسایی و کۆمـەڵایەتی و ئابووری و کلتـوری گـەل و نەتەوەو کۆمـەڵگاکـانە، قـیبلەنمای سـیسـتـەمی سیـاسی دیموکراسییە و لەهەر چەشنە لادانێک دەیپارێزێت و ناهێڵێ لەسەر شارێی دروستی بەرەو پێشەوەچوون لابدات و رێنمایی دەکات کە بەسەلامەتی و ئاسانی بگاتە مەنزڵی مەبەست و ئامانجەکانی. ئەو هێزە رەوایەیە کە جڵـەو بەسەر ئەرکـە سەرەکـییـەکانی دەسـەڵاتەکـانی دەوڵەتدا دەکـات و رێکیـان دەخـاو لێکیان جیادەکاتەوە، ماف و ئازادییە سەرەکییەکان و ئەرکـەکـانی هاووڵاتیـان دیاریدەکـات، پەیوەندی نێـوان دەسـەڵاتی سـیـاسی و هاووڵاتی و پەیوەندی نێوان هاووڵاتیانیش لەگەڵ یەکتری رێکدەخاو ماف و ئەرکی هەر یەکێکیان بەرامبەر بەوی تریان دیاری دەکـات، لە هەرێمی کـوردسـتـانی خـۆمـاندا زۆر پیـویسـتـمـان بەبوونی دەسـتـوور پەسـەندکـردن و دەنگدانە لەسەر پرۆژە یاساکەی، دەستووری هەرێمی کوردستان ئەرکێکە تازووتر جێبەجێ بکرێت باشترە، چونکە:

١- بوونی دەسـتـوور ئەو بۆشـاییـە یاسـاییـە پڕدەکـاتەوە کـە هەیەو دەسـتـوور دەبێـتـە سـەرچاوەو مـەرجـەعی سـەرەکی پرۆسـەی یاسـادانان و بەیاساکردنی هەموو بوارەکانی ژیان، هەروەها وێنەی ناتەواوی سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان کـامڵ و تەواو دەکـات و دەبێـتـە خـاڵـی وەرچەرخـانێکی گـرنگ لە باشـتـرو چاکـتـر بەسیستەمکردنی هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیان.

٢- بوونی دەسـتـوور کـاریگەری بەرچاوی دەبێت لە بەهێـزکـردنی پێگەی یاسـایی و سـیـاسی و دیبلۆمـاسی هەرێمی کـوردسـتـان هەم لەسـەرئاسـتی پەیوەندییەکانی هەولێرو بەغداو هەم لەسەر ئاستی پەیوەندییە دەرەکـییـەکانی هەرێمی کـوردسـتـان بەجیهانی دەرەوە، لەسەر ئاستی عێراق دەستووری هەرێمی کوردستان دەبێـتە ئەو سەرچاوەو ناوەندەی کـە پاسـاوی شـەرعی و یاسـایی بۆ داواکـاریی و هەڵوێست و رەفتارەکانت مسۆگەردەکات و دەبێتە پاڵپشتێکی گەورەو هێزبەخش بۆ سووربوون لەسەر دەست هەڵنەگـرتن لەدەسکەوتەکـان و وەدیهـێنانی ئەوانی مـاون ئەمـەش بەحـوکـمی ئەوەی دەسـتـوور بەرجەستەکەری ئیرادەو ویست و بەرژەوەندی باڵای گەل و وڵاتە، بێگومان پێگەی قەوارەیەکی سیاسی خاوەن دەستووریش لای وڵاتاتی دنیا زۆر بەهێزترە لە قـەوارەیەکی بێ دەسـتـوور، هەروەها لە رێگای بوونی دەسـتـوورێکی دیموکـراسیشـەوە ئەوە نیشـان دەدەی کـە تۆ گەلێکی ئەوتۆی کـەشایسـتـەی ئەوەی قـەوارەی سـیـاسی خـۆت هەبێت و دەتوانێ بە ئەرکـەکـانی دەوڵەتداری و حـوکـمـەتایەتیکردن هەڵبسێ و شـایانی ئەوەشـە پشـتـیـوانی زیاترت لێبکرێت و قەوارە سیـاسییـەکـەت بەردەوام بێت و بپارێزرێت.

٣- بوونی دەسـتـوور مـتـمـانەی نێـوان گـەل و دەسـەڵاتی سـیـاسی بەهێـز دەکـات و سـەقـامگیـری سیـاسی و یەکگرتوویی سـیـاسی و کـۆمەڵایەتی لە کـوردسـتـان تۆکـمەتر دەکات و جۆرێک لەدڵنیـایی بەهەمـوان دەبەخـشـێت بەوەی کـە ئێـمـە دەسـتـوورێکمـان هەیە و هێـزی پابەندبوونی هەیە و هەمـوان دەگـرێتـەوەو هیچ کـەس و لایەنێک لەو باڵاتـرنین و بۆ پاراسـتـنی مـاف و ئازادی و ئەرکەکانمان ئەو گرەنتی و هێزی زامنکارە.

ئەو بیـروبۆچوون و لێکدانەوانەی کەپێیـان وایە پەسەندکردنی دەستوورو خستنییە نێو دەنگدانییەوە لەلایەن پەرلەمـانی کـوردسـتـانەوە مـەسـەلەیەکی ناشـەرعیـیەو پێـویسـتـە دوابخـرێت بۆ چوونێکی نابابەتی و ناواقـیعی و نازانسـتـییـەو ئەمانەتی تێدانییە... بۆ؟ چونکە:

أ- ئەگەر ئەم بانگەشەیە بەپاساوی ئەوە بێت کە پەرلەمـانی کـوردسـتـان لەدوای ٢٠٠٩/٦/٤وە شەرعییەتی بڕیاردانی لەسەر چارەنووسی دەستوور نەماوە، ئەمە بانگەشەیەکی قرچۆک و بێ بنەمایە، چونکە پەرلەمـانی کـوردسـتـان لەڕووی زەمـەنیـەوە لەسـاڵی ٢٠٠٥ ەوە دەسـتی کـردووە بە پرۆسـەی گەڵاڵەکردنی دەستوورو تاپێش ٦/٤ ی ئەمساڵ دوو قـۆناغی گـەورەی بڕیوە یەکـێکیـان ئامـادەکـردنی رەشنووسی دەسـتـوورەکـە بووە ئەوی تریشـیـان هەڵسـەنگاندنی بووە لەلایەن گـەلەوە، بۆیە شـەرعیـیـەتی زەمـەنی دەسـتـپـێکردنی پرۆسـەکـە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٥ نەک بۆ دوای ٦/٤ ی ئەمساڵ، ئەوەی دوای چواری شەش دەچێتە خانەی تەواوکاری پرۆسـەکە نەک سەرەتای دەستپـێکردنی پرۆسەکە.

ب- ئەگـەر بەپاسـاوی ئەوەبێت کـە تائێـسـتـا کـەرکـووک و ناوچە دابڕاوەکـانی تر نەگـەڕاونەتەوە ئەوەدیسـان پاساوێکە نالۆژیکییـە و نامەنتیقیە، چونکە دەسـتـووری کـوردسـتـان سنووری هەرێمی کوردستانی وادیاری کردووە کە هەموو ئەو شوێنانە لەخۆ بگرێ، لەلایەکی ترەوە گەر واش نەبێت دەکرێ ئێـمـە وەک ئەڵـمـانیـای فـیـدراڵ بکەین ئەوان لەدەستووری پێش ساڵی ١٩٩٠ ی خۆیان ئاماژەیان بەوەدابوو هەرکاتێک ئەڵمانیای رۆژهەڵات گەڕایەوە سـەر ئەڵمـانیای رۆژئاواو هەردوولا یەکیـان گرتەوە ئەوا ئەو کات دەستوورەکەیان هەموار دەکەن.

ج- ئەگـەر بەپاسـاوی ئەوەبێت کـە ناوەڕۆکی دەسـتـوورەکـە دواکـەوتوو کۆنەپەرستـانەیە ئەمـەیان پاسـاوێکی زۆر نابابەتیـانەو ناو بۆشـە، چونکە بەخـوێندنەوەی ناوەڕۆکی دەسـتـوورەکـەو پاشـان بەراوردکردنی لەگەڵ دەستووری وڵاتانی دیکەی دنیا ئەوەت بۆ دەردەکـەوێت کـە پڕۆژەی دەسـتـووری هەرێمی کـوردسـتـان بەتەواوی رەچاوی بنەمـاو پرنسـیپـە سەرەکـییـەکانی دیموکـراسی و جاڕنامەی گـەردوونی مـافی مـرۆڤ و هەردوو پرۆتۆکـۆڵی نێودەوڵەتی (١٩٩٦)ی تایبەت بە مافە سیاسی و مەدەنی و ئابووری و کـۆمەڵایەتییـەکانی کردووە و دەستوورێکی مۆدێرن و شارستانیانەیە، لەپرۆسەی دانانی دەستووریشدا حیکمەت لەوەدایە واقیعبینانە هەلومەرج و ئاستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای خۆت و مـاف و بەرژەوەندییـە باڵاکـانی لەبەرچاو بگرێ، نەک رۆمـانسیـانە و سۆزاوییـانە یان بەمـەبەسـتەوە بتـەوێ لاسـاییـەکی سـواو و سلبی وڵاتانی دی بکەیتـەوە. د- گـەر بەپاسـاوی ئەوەبێت: باش هەڵنەسـەنگێنراوە ئەمـەشیـان وانیـیـە، چونکە مـاوەیەکی زۆر پڕۆژەی دەسـتـوور لەلایەن چین و توێژەکـانی گـەل، مـیدیا، حزبە سـیـاسـیـیـەکـان، دامودەزگای کۆمـەڵی مەدەنی، زانکۆو مامۆستایانی زانکۆ، یاسـاناس و سـیـاسـەتزانان، رۆشنبـیـرو رۆژنامەنووسان، دەستبژێری سیاسی وتووێژو قسەو باسی گـەرمی لەسـەرکـراوەو دەیان کۆڕو سیـمینارو وۆرک شـۆپی لەناوچە جیـاجیـاکـانی کـوردسـتـان لەسـەرکـرا سـەرەنجام بەسـەدان تێبینی و پێشنیـار ئاراسـتـەی پەرلەمـان و لیـژنەی تایبـەت بەو کـارە کران، ئێستا بەشێکی باش و ئەوەی بەپێویست بووە لەوانە خـراونەتە ناو پڕۆژەکـەو هەمـواری بۆ کـراوە، سـەرنج و تێـبینیـدانیش هەرگـیز کۆتایی نایێت و لەمـەیدانی جێـبـەجێـبوونی پڕاکـتـیکیـیـانەی دەستووریشدا زیاتر کەلێن و کەلەبەرەکان دەردەکەون و ئەوکـات دەتوانی بەپێی پێـویست دەسـتـوورەکـە هەموار بکرێت بەتایبەتی کە دەستووری کوردستان دەسـتـووورێکی نەرم دەبێت نەک وشک و رەق و جامید، لەدیموکراسیترین وڵاتی دنیاش دەستوور لە لە دایکبـوونیـدا دەقـێکی تەواو کـامڵ و پڕو تێـرو تەسەلی ئەوتۆ نابێت کە بەتەواوی جێگیر بکرێت و نەگـۆڕدرێت، بۆیە دەبینین دەستوورێکی وەک وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمـریکاش چەندین جار هەمـوار کراوە.

* مامۆستای زانستەسیاسەکان ـ زانکۆی سەلاحەدین.



سولاف کاکەیی*

# بایەخی دەستوور

**گرنگە دەوڵەت دەستووری هەبێ؟**
**ئەگەر هاتوو دەستوورەکە جێبەجێ نەکرا،**
**چ بایەخێک هەیە بۆ بوونی ئەو دەستوورە؟**
**دەوڵەت، دەستووری نەبێ باشترە!! یان...**
**دەستوورێک بێ... جێبەجێکردنی هەبێت!!**

هەموو دەوڵەتێک دەستووری هەیە، یان بە واتایەکی تر، پێویستە هەموو دەوڵەت دەستووری هەبێ هەروەها مەرج نییە دەستووری وڵاتەکە نوسراو بێ و لەوانەیە نە نووسراو بێ (عورفی) وەک شانشینی بەریتانیا کە دەستوورەکەی نە نووسراوە ـ (عورفی) یە پاڵپشتی دابونەریت و پێشینە دادوەرییەکانە. بەڵام هەردوو جۆری دەستوور: نووسراو و نەنووسراو لایەنی چاکەو خراپەی خۆیان هەیە لەکاتی هەڵسەنگاندنی، لێرەدا باسەکەمان تایبەت نییە بە جۆری دەستوور لەڕووی نووسینەوە، بەڵکو تایبەتە بە جۆری دەستوور لەرووی پراکتیکییەوە. بۆیە، بەپێویستی دەزانم پۆلینی پرۆفیسۆر (مۆریس دۆڤرجیە) بۆ جۆری دەستوور روون بکەمەوە کە دەڵێت: بەپێی لایەنی پراکتیکییەوە دوو جۆرە دەستوورمان هەیە کە بریتین لە:

١- دەستووری یاساکان: دەستووری ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەخۆوە کە دەقە دەستورییەکانیان جێبەجی دەکەن، بۆ نموونە دەوڵەتە دیمۆکراتییەکان.

٢- دەستووری بەرامج: دەستووری ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەخۆوە کە دەقە دەستورییەکانیان جێبەجی ناکەن و تەنها لە رووی فۆرم و تیۆرییەوە دەستووریان هەیە، بۆ نموونە دەوڵەتە تۆتالیتارییەکان و زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم. لەنێوان ئەم دوو جۆرە دەستوورە (دەستوری یاساکان و دەستووری بەرامجەکان) کامیان دەتوانێ باشتر رۆڵی خۆی ببینێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری فەرمانڕەوایی واتا (هەروەک لە پێناسەی پرۆفیسۆر جۆرج سێل بۆ دەستوور هاتووە) دروستکردنی هاوسەنگی سیاسی لە دەوڵەت لە رێگای رێکخستنی چۆنیەتی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن فەرمانڕەواکان بە شێوەیەک هیچ دەستێوەردانێک لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی بەرامبەر ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان روو نەدات، چونکە دەستوور باسی دوو لایەن دەکات (مافە گشتییەکان و دەسەڵاتی سیاسی) واتا باسی یەک لایەن ناکات (ئەویش دەسەڵاتی سیاسی) هەرچەندە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە دانان و دارشتنی (هەروەک پرۆفیسۆر د.منذر الشاوی) دەڵێت: دەستوور رەنگدانەوەی فەلسەفەی سیستمی سیاسی حوکمداری هەر دەوڵەتێکە، چونکە لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقە دەستوورییەکان، تا رادەیەک، بۆمان دەردەکەوێ ئەو دەوڵەتە لە سایەی چ سیستمێک دەژێت. بۆچوونی پرۆفیسۆر (الشاوی) هەرچەندە پاساوی هەیە، بەڵام دەبێ ئەو راستییەش باس بکرێ کەوا دەستوور دەرئەنجامی شۆڕش و فشاری هاووڵاتیانە بە سەر سیستەمە زۆرداریەکان بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکانیان.

بە واتایەکی تر، دەستوور هەروەک پرۆفیسۆر (أندریە هوریو) پێناسەی دەکات بریتییە لە ئامرازێک بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و ماف وئازادییە گشتییەکان. بۆیە دەبێ بڵێین کەوا دەستوور گرنگە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، بەڵام چ دەستوورێک؟ ئەو دەستوورەی لایەنی پراکتیکی بە خۆوە دەبینێ واتا دەقەکانی جێبەجێدەکرێ و رێزی لێدەگیرێ. ئەی باشە سەبارەت بەو دەوڵەتانەی دەستووریان هەیە تەنها لە رووی تیۆری، واتا دەقەکانی لە نێو لاپەڕەکانی دۆکیۆمێنتێکی نووسراو دارێژراوەو دەستوورێکی تەواوە لە رووی فۆرم و زمانەوانی و رێکخستنی بەشەکانی.. هتد؟ گرنگی ئەو دەستوورانە چییە لە ژیانی ئەو دەوڵەتە؟ چارەنووسی چییە؟ دەمێنێت بە پەراوێزکراوی، یان هەڵدەوەشێتەوەو بەیەکجاری لادەدرێ، لەبەر ئەوەی هەبوون و نەبوونی وەک یەکە... هتد؟

لەڕاستیدا، دەبێ بزانین کەوا یەکەمین خەسڵەتە باشەکانی دەستوور بریتییە لە دوورخستنەوەی کێشەی دەستووریی لە ناکۆکی و ململانێی سیاسی، چونکە دەستوور کۆتاییەکی شەرعی دەبەخشێتە شۆڕش، هەروەها وەکو هێمایەک دادەنرێ بۆ ئەو گەلانەی کە سەربەخۆییان وەردەگرن، بەڵام دەبێ ئەو راستییە بسەلمێنین کەوا جێبەجێکردنی دەستوور جیاوازە لەگەڵ راڤەکردنی دەقەکانی، چونکە لە کاتی جێبەجێکردن ناتوانرێ دووربخرێ لەو قەیرانییە سیاسییە کەوا دەستوورەکە لەسایەی نووسراوە.

هەر بۆیە ئەگەر بێین واقیعبینانە تەماشای بارودۆخی دەستووری و سیاسی لە دەوڵەتانی جیهان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کەوا وڵاتە ئەوروپییەکان باشترین نموونەن بۆ (دەستووری یاساکان)، هەروەها وڵاتانی جیهانی سێیەم نموونەیە بۆ (دەستووری بەرنامەکان).

**لێرەدا پرسیارێک دێتە کایەوە:**

دەوڵەت، دەستووری هەبێ بەبێ جێبەجێکردن یان دەستووری نەبێ باشترە؟ هەڵبەتە لە وەڵامدانەوە دەبێ بزانین کەوا پێویستە دەوڵەت دەستووری هەبێ، راستە جێبەجێکردنی دەقەکانی گرنگە، بەڵام ئەگەر هاتوو پەراوێزکرا نابێ بڵێین "لە بنەڕەتدا دەستوور هەر نەبێ باشترە" بۆچی؟ چونکە دەستوور راستییەکی نەگۆڕە پەیوەندی بە دەسەڵاتی سیاسی و ماف و ئازادی هاووڵاتیانەوە هەیە، بەڵام بارودۆخی سیاسی ئەگەری گۆڕانی هەیە بە شێوەیەک بگۆڕدرێت لە سیستمێکی تۆتالیتاری و دیکتاتۆری بۆ سیستمێک رەچاوی پرەنسیپەکانی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ بکات و هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی دەستوور یان ئەنجامدانی چاکسازی دەستووری بە شێوەیەک کە هاوسەنگی سیاسی لە دەوڵەت جێگیر بکات.

پوختەی باسەکەمان لەوەدایە، بوونی دەستوور گرنگە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری فەرمانڕەوایی دەوڵەت و رێکخستنی دەسەڵاتەکان، هەرەوەها ماف و ئازادییەکان، بەڵام جێبەجێکردنی یان پەراوێزکردنی پەیوەستە بەبارودۆخی سیاسی و هەڵوێستی سیستەمە سیاسییەکان کە ئەویش ئەگەری گۆڕانی هەیە لە سیستمێکی زۆردار بۆ سیستمێکی دیموکراسیخواز، چ بەشێوەیەکی ئاشتی بێ لە رێگای ریفۆرم یان لە رێگای بەکارهێنانی هێز وەکو ئەنجامدانی شۆڕش و کۆدەتا لەلایەن تاکەکانی گەل کە دەرئەنجامی رووبەڕووبوونەوەی سەرپێچییە دەستوورییەکانە.

* مامۆستا لە کۆلێژی یاساو رامیاری زانکۆی سەلاحەدین

# هەموو هەفتەیەک



**غازی حەسەن**
لە ئەمەریکاوە بۆ دەینووسێت

رۆژنامەی (الشرق الاوسط) لەسەر زاری یەکێک لە راوێژکارەکانی سەرۆکی ئەمەریکا (باراک ئۆباما)، کە ئافرەتێکی سەرپۆشی ئەمەریکی بە رەچەلەک میسریە بەناوی (دالیا موجاهید)، گووتوویەتی کە ئۆباما لە وتارەکەی بۆ جیهانی ئیسلامی ئاماژەی بە دوو ئایەتی قورئانی کردووە، لەسەر پێشنیاری ئەو.

ئۆباما وتارێکی گرنگی لەمیسر پێشکەش بە کۆمەڵگای ئیسلامی کردووە، کە هەندێک لە راگەیاندنەکانی عەرەبی بەلاوازی و شکانی ئەمەریکا بەرامبەر تیرۆر وەسفیان کردو هەندێکیش بە خزمەتی ئیسرائیل و هەندێکی دیکەش بە وتارێکی نزیک لە واقیع ولێکگەیشن بۆ چارەسەری کێشەکانیان دانا.

گرنگ ئۆباما بۆ ئەوە هاتووە نیشانیبدات کە ئەمەریکا سوورە لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەناوچەکەداو کەمکردنەوەی هەندێک لەتوڕەیی و رەخنەی ئیسلامییەکان کە بەهۆی سیاسەتی ساڵانی رابردوو روبەڕوویان بۆتەوە. لەهەمان کاتیشدا لەبیرمان نەچێت، ئەم هەنگاوە بۆ بیناکردنەوەی پەیوەندی ئەمەریکایە دەگەڵ هەندێک وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی، هەروەها کۆک بوونە لەسەر روبەڕووبوونەوەی ترسەکانی ئێران و هەڕەشەکان لەناوچەکەدا.

ئۆباما وەکو لەسەرچاوەی سەروو ئاماژەی پێکراوە شتی بە ئایەتی (من قتل نفسا بغير نفس...) و لەکۆتایشدا ئاماژەی بە ئایەتی (انا جعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا...)، بەڵام دیار نییە تاکو ئێستا ئەم ئایەتە بۆ نییەتی ئەمەریکا بەکارهاتووە، یاخود ئاگادارییەکە بۆ نەوەی ئیسلامییەکان.

*** نیویۆرک تایمز رەخنە لە ئۆباما دەگرێت**

رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی بەناوبانگی ئەمەریکی رەخنەی لەقسەکانی ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکان گرت سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی دیموکراسیەت لە رۆژهەڵاتدا، وێکو رۆژنامەکە گوتوویەتی: لە وتەکەیدا نەیتوانیوە بەراشکاوی باسی ئەم لایە بکات، وەکو چۆن ئەم مەسەلەیە یەکێک بوو لەئەجەندای سەرەکی بۆش لە ناوچەکەدا. تەنیا لەوتارەکەیدا نەیویستووە خۆی لەقەرەی ئەو وڵاتانە بدات کە رێزی دیموکراتی ناگرن، سەرباری ئەوەی کە ئەو سەرۆکی میسر بەهۆکاری ئاسایش و ئارامی لەناوچەکەدا دەزانێت بە سەرکوتکەری نازانێت.

وەکو نیویۆرک تایمز ئاماژە بە لایەنی سلبی وتارەکەی ئۆباما دەکات منیش وای دەبینم لەراستیدا ئۆباما بەشێوازێکی جیا لە شێوازی ئیدارەی سەرۆکی پێشوو جۆرج بۆش دەیەوێت هەڵەکانی خۆیان راست بکاتەوە، بەتایبەتیش ئەو گرژییە رانەگەیەنراوەی لەهەندێک بواردا لەگەڵ دنیای ئسیلامی و وڵاتانی عەرەبی هەیانە. راستە ئەمەریکا ناتوانێت واز لە پاڵپشتی و بانگەشەی ئازادی و دیموکراسی بهێنێت، بەڵام پێناچێت ئۆباما بیەوێت راستەوخۆ لەگەڵ رووداوەکان مامەڵە بکات، بەڵکە دەیەوێت لەگەڵ حکومەتەکان بدوێت و زەمانی دیموکراسی بکات، کە ئەمەش دوور نییە پێگەی دەسەڵاتی کراوەی سەرکوت لەلایەن حکومەتەکان لەژێر نێوی پاراستنی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکەو وڵاتەکانیان بەهێزتر بکات.

*** گەنجانی موسلمان چی دەڵێن**

رۆژنامەی یو ئێس ئەدی تودەیش کە یەکێکە لە پڕ فرۆشترین رۆژنامەکانی ئەمەریکا دەربارەی هەمان باس لە راپرسییەکان دەنێو گەنجی موسڵماندا رایەکانی بەمجۆرە دەربارەی ئۆباماو سەردانەکەی چڕ کردۆتەوە. لەمەڕ پەیوەندی و نزیکی لەئەمەریکا یاخود ئەوانەی ئەمەریکا بە نزیک لەخۆیان دەزانن وا هاتووە: لە میسر ١٤٪ و لە ئوردن ٢٥٪ و لە لوبنان ٣٨٪ و لە مەغریب ١٥٪ و لە سعودیە ٢٧٪ و لە ئیماراتی عەرەبی ٥٢٪.

هەروەسا لەهەمان گاڤیشدا سەبارەت بە پۆزەتیڤبوونی ئۆباما لە جیهانی عەرەبی، گەنجانی موسڵمان بەم رێژانەی خوارەوە رایان دەربڕیوە: میسر ١٨٪ و ئوردن ٢٦٪ و لوبنان ٢٩٪ و مەغریب ٣٥٪ و سعودیە ٥١٪ و ئیماراتی عەرەبی ٥٠٪. بەمجۆرە دەردەکەوێت کە گەنجانی ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستی نێگەتیڤیان بەرامبەر ئەمەریکاو ئۆباما هەیە. گەنجە میسرییەکان لە هەموو وڵاتانی عەرەبی دی هەڵوێستیان نێگەتیڤە بەرامبەر ئەمەریکا، لەکاتێکدا بەشی زۆریشیان ئارەزوویان هەیە بچنە ئەمەریکاو لەوێدا درووێنەی دۆلار بکەن و کاربکەن.

# سیاسەتی سەرکەوتوو..
# کەمترین قسەو زۆرترین کردار!



عەدالەت عەبدوڵڵا -سلێمانی
سەرنووسەری گۆڤاری والاپرێس

پەرەسەندنی دیاردەی قسەکردن، نووسین، مشتومڕ لەکۆمەڵگای کوردیدا، تا ئەو شوێنەی پەیوەندیی بە ئامادەگیی هەلومەرجێکی لەبارەوە هەبێت بۆ گوزارشکردن لە بیروباوەڕ و گۆشەنیگاو دنیابینی گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، دیاردەکە دڵخۆشکەرە. ئێمە ئەگەر لەدوای راپەڕینەوە هیچ دەسکەوتێکی دیاریکراومان نەبێت، کە زۆرمان هەیە، ئەوە دەسکەوتنی قسەکردن و نووسین و گوزارشی ئازادانەی هاووڵاتییان، بەو کێشەو سەرئێشانەشەوە کە بەهۆیەوە دروست دەبن، دەسکەوتێکی گرنگە. دابینکردنی ئازادییە سیاسیی و دیموکراتییەکان سەرەتاییترین مەرجی دامەزراندنی کۆمەڵگاو سیستمێکی دیموکراتییە لەدەوڵەتدا. لە هەر روبەرێکی دنیادا پلۆرالیزم بەهایەکی بنەڕەتی دیموکراسی نەبێت، ئازادو مافە دیموکراتییەکان لە پرەنسیپە بنچینەییەکان نەبن، ئەوە شتێک نامێنێتەوە پاساوی جاڕدان و خۆبادان بدات بە دیموکراسییەوە.

ئێمە لەم ئاستەو تائێرە زۆرترین قسەو نووسین و مشتومڕ بە دیاردەیەکی ناسروشتی کۆمەڵگای دیموکرات نازانین، بەڵام لە بێگومان ئاستی ترداو بەدیاریکراویش کاتێک ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆکاری لاوازکردنی گیانی کردار و مۆراڵی گونجاو لەگەڵ بیرۆکەی دیموکراسی و ئازادییەکانیدا، ئەوە ئیتر ئەم دیاردە زاڵەی ناو واقعی ئێمە لەدیاردەیەکی ئاساییەوە دەبێتە کارەسات، دەبێتە مایەی دروستکردنی بونەوەر و گروپگەلی دروشمخواز و لافلێدەر، کەسانی ناکردەو بێ توانا لە گۆڕینی وتن بۆ کردن، ترسناکترین دیاردەی مرۆییش لەژیانی ئاسایی رۆژانەی تاکەکانەوە بۆ وێستگە چارەنووسسازەکانی بڕیار و کرداری کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە نەخشە زۆربێ و جێبەجێکردن کەم، پلان هەبی و پراکتیک ون، وتن لێشاوبێ و کردن نەکراو. لە هەر کۆمەڵگایەکدا پراکتیک لاوازبێت هیچ بەڵگەیەکمان نابێت بۆ ئەوەی بیسەلمێنین لەبەردەم کۆمەڵگایەکی زیندوودایین، کۆمەڵگای زیندوو هەمیشە کۆمەڵگای بەرهەمهێنانە، کۆمەڵگای بێ ئایندەو بێ ئاسۆش ئەو کۆمەڵگایانەن کە گیانی بەرهەمهێنان و جوڵەو چالاکیی مرۆیی تیایدا لە نزمترین ئاستدایەو لەدیارترین دۆخدا کۆمەڵگایەکی بەکاربەرە، یان هەژار و نەدارە.

لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا، لە کایەی سیاسەتدا بێت یان کۆمەڵایەتی، پێویستیمان بە گێڕانەوەی بڕێک لە هاوسەنگیی نێوان گوفتار و کردار هەیە، چ لەسەر ئاستی تاکەکاندا بێت، یان گروپەکان. لەئاستی سیاسیدا، ئێمە تەنها دەوڵەتی خاوەن پلانمان ناوێت، چونکە ئەم کارە بە کردنەوەی وەزارەتێک کۆتایی دێت، بەڵکو دەوڵەتی خاوەن هێزی جێبەجێکردنمان دەوێت. ئەگەر بەم شێوە بیربکەینەوە، ئەوە بێگومان سیاسەت، بەم مانایە، ئەو چەمکە تەقلیدییە تێدەپەڕێنێت کە کایەی موژدەو بەڵێندانی کاربەدەستان بێت، بەڵکو دەبێتە توانای گۆڕینی کارنامە بۆ پرۆژەی جێبەجێکراو.

لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، پێویستیمان بەئاڵوگۆڕی پەیوەندیی بێ بەرهەمی نێوان تاک و گروپەکان نییە، ئێمە نامانەوی رایەڵەکانی کۆبوونەوەی کۆمەڵایەتیمان رێکەوتن بێت تەنها لەسەر ئەوەی زۆرترین قسەو نارەزایی و بێزاری و کلۆڵی و ئیتیکالییەت بکەینە پیشەی خۆمان، هەموو شکست و کەمبەختییەکانمان لەژیاندا بە عەلاگەی خەتای دەسەڵات و دەوڵەتدا هەڵبواسین، بەڵکو پێویستیمان بەپەیڕەوکردنی سیاسەتی پشتبەخۆبەستنە، پێویستیمان بە ئیرادەو فراوانکردنی روبەری جوڵەی تاک خۆیەتی. لە کۆمەڵگا شارستانی و پێشکەوتووەکاندا گەورەترین کێشەی ئینسانەکان کێشەی کاتە، کات بۆتە مادەی ژیان و بەشی خەونی زۆرترین جوڵەو چالاکی و بەرهەمداریی تاکەکان ناکات. لەوی کاتی رابواردن و پشوو و گەڕان و گەشتوگوزار دیاریکراوە، هاووڵاتییان نە چەندین سەعات لە گازینۆکاندا کاتی خۆیان بە دۆمینەو تاوڵەو وەرەقەوە بەسەردەبەن، نە لە چاخانەو کۆڕو کۆبوونەوەکاندا ئەوەندە خەریکی باسکردنی نەشارەزایانەی بواری سیاسەت و باس و زەمە کۆمەڵایەتییەکانن. رێزگرتن لە کات و زانینی نرخی مێژوو لەوێ یەکسانە بە جوڵەی بەردەوام و بەرهەمهێنان، یەکسانە بە پێگەیشتنی زانستییانە لەدانیشگاو پەیمانگاکاندا و فێربوونی تاقیکردنەوەی زانستییانەی کرداره تیۆریزەکراوەکان. لە وڵاتی خۆماندا نە لە کایەی سیاسەت و نە لەکایەی کۆمەڵایەتیشدا هێشتا کردنمان لە وتن جیانەکردۆتەوە، پێمان وایە نیەت و قسە بەسە بۆ بەرجەستەکردنی بوون، ئەمە لەکاتێکدا تەنها کردارە دەبێتە بەرجەستەکەری ماددیانەی بوون و وێنەو ئاستەکانی.

adalat74@gmail.com



## دەردە دڵ

# ڕۆژگارێک
# کە ناگەڕێتەوە!

**شێرزاد عەبدولڕەحمان**

کە لاپەڕە شیرینەکەی هاوکارم ئیسماعیل بەرزنجی دەخوێنمەوە، هەموو ژمارەیەک، هەناسەیەک بە یادی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان هەڵدەکێشم، کە چ جۆرە هاوسۆزی و خەمخۆری و وەفایەک لە نێوەندی ڕۆشنبیریدا هەبوو، هەموو بەیەکەوە بەجیاوازی ڕەنگەکان، تێکەڵ بووین و لەناو خۆشەویستی یەکتر توابووینەوە.. هیچمان نەبوو.. تەنیا قەڵەم و شڕە کاغەزو بەحاڵ پارەی کتێب و ڕۆژنامە.. لە بەر باران و قرچەی گەرما چاوەڕوانی ڕۆژنامەو کتێبمان دەکردو هەموو لە تەنگانە کەسی یەکتر بووین.. کە شیعرێکی جوان پێشکەش دەکرا، چەپکە گوڵمان لە یەخەی شاعیر دەدا.. بەخیل نەبووین.. ڕق ئەستوور نەبووین، نەماندەزانی ڕق و پیلانی داخ لە دڵانە چییە... بێگوناهو ڕۆح پاک بووین.. لەزەتمان لە هەموو شتێکی جوان وەردەگرت و هێمنانە قسەمان لە دنیای خاوێنی خۆمان دەکردو کاتێک کەڵە نووسەرانی نەوەکانی پێش خۆمان دەدی شەرم دامانی دەگرت و لە حزووری ئەوان ئارەقەمان دەکرد!

* ئاخ بۆ ئەو زەمەنە شیرینە کە ڕۆیشت و لەگەڵ خۆیدا هەموو بەهایەکی ڕامالّی.. ئێستا سەردەمی یەکتر بڕینەوەیە... سەردەمی مل شکاندن و بۆغزو ڕق و قینەیە.. سەردەمی مەهزەلەی نووسین و شەڕو ریسوابوونە.. سەردەمی ڕشانەوەیە بەڕووی یەکتردا.. سەردەمی ڕاپۆرت و ماڵوێرانییە لە پەنای وشەی پیرۆز.. سەردەمی ئەتک کردن و موزادەیە... سەردەمی سڕینەوەی یەکترە.. سەردەمی ناوزڕاندن و هەیت و هووتی ڕۆژنامەکانە کە ئەمڕۆ، دەرگای لەسەر پشتە بۆ هەموو پەلامارێک و بێ شەرمانە بەردەبینە گیانی یەکترو تەنانەت هەتا ئاستی نزم و بێ شەرمی.

* هەموو ڕۆژێک هەناسەیەک بۆ ئەو ڕۆژە شیرینانەی هەفتاکان هەڵدەکێشم و بەڕاستگۆیی و لەناخی دڵەوە دەڵێم.. مەخابن بۆ ئەم ڕۆژگارە سەختە کە مرۆڤ لە غوربەتییەکی بێکۆتایی دەژی و ئاخێکیش بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە ناگەڕێتەوە!